# ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنیسەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی



لەندەن / 30ئۆگۆستی 2006

## فیدراسۆن سیاسەتی حکومەتی بەریتانیا لەمەرکیشەی پەنابەران ئاشکرا دەکات

**بەدوای فشارهینانی کەمپینەکانی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی و هەروەها بەدوای دانیشتنی نیوان فیدراسیۆن و رێکخراوە کوردی عیراقی یەکان  و وەزارەتی ناوخۆی بریتانیا، سەر ئەنجام وەزارەتی ناوبراو لەریگای ناردنی نامەیەکەوە بۆ فیدراسیۆن سیاسەتی خۆی لەمەرکیشەی پەنابەرانی عیراقی ئاشکرا دەکات.. ئیمە بۆ ئاگادار بوونەوەی تەواوی پەنابەران و رای گشتی بەپیویستمان زانی دەقی وەرگیردراوی نامەیەکەی وەزارەتی ناوخۆ بەزمانی کوردی بخەینە بەردەم هەمووان:**

نامەی وەزارەتی کۆچی بەریتانی
دەربارەی هەواڵی بەخشینی لێبوردن بە پەنابەرانی عێراقی

### گەڕاندنەوە بۆ عێراق و سیاسەتی وەزارەتی ناوخۆ

زۆر خۆشحاڵ بووم بەو کۆبونەوەیەی کە مانگی 3 ی ئەمساڵ لەگەڵ بەرپرسی چەند ڕێکخراوێکی نا دەوڵەتی NGO و کۆمیونتی عێراقی ئەنجاممان دا تا  لە سەر مەسەلەی گەڕاندنەوە بۆ عێراق و سیاسەتی کۆچی وەزارەتی ناوخۆ قسەوباس و گفتوگۆ بکەین.  بە پێی چەند گۆڕانکاریەک کە لەم دواییانەدا ڕویان داوە و بۆ نیشاندانی چەند زانیاریەکی زیاتر و ڕونکردنەوەی چەند مەسەلەیەک  نووسینی ئەم نامەیە بە پێویست دەزانم .

من ئاگادارم کەلە ناو کۆمیونتی عێراقیدا قسە و باس لە سەر ئەگەری گۆڕینی سیاسەتی (IND) دەکرێت، کە لە نێو ئەم قسانەشدا هاتووە کە گوایە ئەو پەنابەرە عێراقیانەی کە قبوڵ نەبوون حەقی مانەوەیان لە بەریتانیا پێ دەدرێت.

لە کاتێکدا کە ڕێکخراوی IND و سیاسەتی کۆچ بە شێوەیەکی گشتی چاوی پیا خشێندرایەوە، لایم بایرن(Liam Byrne) وەزیری کۆچ زۆر بە ڕوونی ئەوەی ڕاگەیاندووە کە هیچ پلانێک بۆ ڕاگەیاندنی(لێبوردن) بۆ  پەنابەرانی ڕەتکراوە بە گشتی و لە نێویاندا بەنابەرانی ڕەتکراوەی عێراقی لە ئارادا نیە.

لەگەڵ ئەوەی کە هەرچیەک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پەرلەماندا بڵاوبۆتەوە بەڵام سیاسەتمان بەرامبەر پەنابەرانی قبوڵ نەبوو لە نێوانیاندا ئەوانەی لە عێراقەوە هاتوون هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە.

هەروەها بە پێویستی دەزانم کە ڕووناکی بخەمە سەر ئەو نیگەرانیانەی لە ئەنجامی کەیسە بەرجەستەکەی (ڕەشید) دا دروست بوون، کە لەلایەن پەنابەرێکی قبوڵ نەبووی عێراقیەوە دژی وەزارەتی ناوخۆ بەرزکرایەوە.

ئەم کەیسە بەرنگاربوونەوەی ئەو بڕیارەی وەزارەتی کۆچ بوو کە کەیسی پەنابەرێکی کوردی عێراقی ڕەتکردەوە لە سەر ئەو بنەمایەی کە دەتوانرێت لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کوردەکان لە باکوری عێراق نیشتەجێ بکرێت هەرچەندە خۆی دانیشتوی ناوچەی ژێر دەوڵەتی عێراق بووە. دادگا ئەوەی ئاشکرا کرد کە بڕیاری وەزارەتی ناوخۆ لە ڕەتکردنەوەی ئەو پەنابەرە لە سەر ئەم بنەمایە هەڵەیەو لەو کاتەدا ئەم بڕیارە دژی سیاسەتی وەزارەتی ناوخۆ بووە. سێ پەنابەری تری عێراقی کە کەیسەکانیان جیاوازیەکی کەمی لەگەڵ کەیسەکەی (ڕەشید) دا هەبوو چونە دادگا تا بتوانن سود لەم بڕیارەی دادگا وەربگرن بەڵام تا ئێستا ڕوونیە کە کام لەو کەیسانەی (A) و (H) و (AH) دەتوانێ سود لەو بڕیارە وەرگرێت.

کاریگەری ئەم بڕیارەی دادگا ئەوەیە کە ژمارەیەکی دیاریکراو لە پەنابەرانی ڕەفز بووی عێراقی ئێستا دەتوانن وەڵامی هەمیشەیی (ILR) وەربگرن. بە شێوەیەکی گشتی ئەمە تەنها بۆ ئەو پەنابەرە ڕەفزبووە عێراقیانە دەبێت کە کەیسەکانیان لەگەڵ یەکێک لەم مەرجانەی خوارەوەدا دێتەوە و هیچ تۆمارێکی ئەنجامدانی تاوانیان نیە.

1. ئەو پەنابەرە عێراقیانەی کە لە نێوان 1991/04/05 تا 2003/03/20 لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقەوە هاتوون و ئەوە قبوڵ کراوە کە ژیانیان لە مەترسیدایە بەڵام لەسەر ئەو بنەمایە ڕەتکراونەتەوە کە دەتوانن لە ناوخۆی عێراقدا و لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردەکاندا نیشتەجێ بکرێنەوە.

2. پەنابەرانی عێراقی کە لە هەر شوێنێکی عێراقەوە هاتبێتن و لە نێوان 1991/04/05 وە 2000/10/20 کەیسەکانیان ڕەتکرابێتەوە و بە پێی سیاسەتی ئەوکاتی وەزارەتی ناوخۆ ئیقامەی 4 ساڵیان پێنەدرابێت.

3. ئەو پەنابەرە عێراقیانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمەوە هاتوون و کەیسەکانیان لە نێوان 1991/04/05 و 2003/02/20 ڕەتکراوەتەوە، وە بە پێی سیاسەتی ئەوکاتی وەزارەتی ناوخۆ ئیقامەی 4 ساڵیان پێنەدرابێت.

ئەم بڕیارە کاریگەری لەسەر بەشی زۆری پەنابەرانی عێراقی نابێت. من ئاگادارم کە ژمارەیەک لە پەنابەرانی قبوڵ نەبووی عێراقی لە سەر بنەمای ئەو کەیسانە بەڵگەی زیاتریان پێشکەشکردووە تا چاو بە کەیسەکانیاندا بخشێنرێتەوە یان داوای سەکشن فۆر (Section 4) بکەن.
ئێستا IND لە بەر ڕۆشنایی ئەو مەرجانەدا چاو دەخشێنێتەوە بەم کەیسانەدا. وە هەر پەنابەرێک کە پێی وایە ئەم خاڵانەی سەرەوە شمولی دەکات دەتوانێت نامە بنوسێت بۆ IND کە ئەدرەسەکەی

لە خوارەوەیە وە دەستنیشانی بکات کە بۆچی کەیسەکەی دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو خاڵانەوی سەرەوە.

Rashid Consideration Exercise- PCRG
Whitgift Centre (Block C)
15 Wellesley Road
Croydon CR9 3LY

بە مەبەستی ڕاگەیاندنەوەی سیاسەتی گشتی تری خۆمان، چاوەڕوانیمان لە پەنابەرانی ڕەتکراوە ئەوەیە کە بە خۆبەخشی بگەڕێنەوە بۆ وولاتی خۆیان و بەریتانیا بە جێ بهێڵن.
لە سەرەتای ئەمساڵدا بڕیاری یارمەتی بە بڕی 3000 پاوەن درا بۆ ئەوانەی کە UK بەجێدەهێڵن لە ژێر بەرنامەی (VARRP) کە لە لایەن IOM ەوە بەڕێوە دەچێت لە بری وەزارەتی ناوخۆ. لە سەرەتاوە ئەم پارە دانە تەنها بۆ ئەوانە بوو کە لە نێوان2006/01/01 تا 2006/06/30 دا بەریتانیا جێ دەهێڵن، بەڵام ئێستا ئەم بەرنامەی پارەدانە درێژ کراوەتەوە تا 2006/12/31. بە هەرحاڵ زۆر گرنگە کە تێبینی ئەوە بکەن کە ئەوانەی دەیانەوێت ئەم پارەیە وەربگرن پێویستە لە IOM پێش 2006/10/31 داواکانیان پێشکەش بکەن، زانیاری زیاتر لە سەر وێب سایتی IOM هەیە کە ئەمە ئەدرەسەکەیەتی www.iomlondon.org .
بە سوود وەرگرتن لەم فرسەتە بۆ دووبارە نیشتەجێکردنەوە لە ڕێگەی فرینی بە بەرنامەوە تا ئێستا سەرکەوتوانە نزیکەی 2500 عێراقی بە خۆبەخشی گەڕاونەتەوە.

لە کاتەوەی کە سەفەری ڕاستەوخۆ بۆ شوێنە دیاریکراوەکانی عێراق هەیە، پەنابەری قبوڵ نەبووی عێراقی کە نایەوێت بگەڕێتەوە بەو بیانووەی کە هێڵێکی فرینی سەرکەتوو لەئارادا نیە کۆمەک وەرناگرن، ئێستا بە پێچەوانەوە دەبێت ئەوە لەخۆنیشان بدەن کە بڕیاری گەڕانەوە قبوڵ دەکەن تا بە پێی یاسای کۆچ و پەنابەری 1999 بتوانن یارمەتی سەکشن فۆر Section 4 وەربگرن.

ئەم یارمەتیە شمولی ئەو پەنابەرە ڕەتکراوانە دەکات کە ئێستا ڕاستەوخۆ ناتوانن بگەڕێنەوە، وە ئەم یارمەتیە بریتیە لە خانوو بە هەموو پێداویستیەکانەوە یان خانوو لەگەڵ ڤاوچەر دەبێت بۆ کڕینی خواردەمەنی و پێداویستیەکانی پاکژی. بۆ ئەوەی شمولی ئەم یارمەتیە بکەیت دەبێت بە شێوەیەکی دیاریکراو هەنگاوی دروست بۆ بەجێهێشتنی ئەم وولاتە بگریتە بەر یان نیشان بدەیت کە ئامادەی بگەڕێیتەوە، بۆ نموونە ناونووس کردن لەگەڵIOM دا یەکێک لەو هەنگاوانەیە. فەرمانبەرانی دائیرەی کۆچ (Case Worker) نامەیان بۆ هەموو پەنابەرانی ڕەتکراوەی عێراقی کە یارمەتی سەکشن فۆر وەردەگرن نووسیوە تا لەم ڕووەوە ڕێنوێنیان بکەن و ئاگاداریان بکەنەوە کە داواکانیان بۆ سەکشن فۆر چاوی پیادا دەخشێندرێتەوە بۆ دڵنیا بوون لەوەی کە کێ شمولی ئە یارمەتیە دەکات.

ئەو پەنابەرانەی کە ڕازی نابن بگەڕێنەوە ئەوا ئێمە بە هەمان سیاسەتی ناردنەوەی زۆرەملێ مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین کە لەگەڵ پەنابەرانی نەتەوەکانی تر گیراوەتە بەر. دەبێت ئەوە بزانرێت کە ئێمە لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا ڕێککەوتووین تا ئەگەر پێویستی کرد ئەم سیاسەتەی خۆمان جێبەجێ بکەین.

Tom Dodd

Director International Delivery

d.jamal@ntlworld.com Burhan Fatahburhanfatah@aol.com Jasim Ghafurjasm_rg@yahoo.co.uk
Tel:/ 07739338178 Tel:/ 07866757213 Office Tell/ 0161 234 2784 ,www.csdiraq.com